# بزوتنەوەی ژنان لە ریزی پێشەوەی بەرەی دیموکراسیدا

**وەرگێران لەفارسیەوە: سەیران رەحیمی**

ئەگەر سەرکەوتنی شورشێکی سوسیالیستی لە پێناو بەشد اری هەلسوراوانی کریکاریە "سەرکەوتنی ئال و گوریکی دموکراتیك و مافی مروڤیش لە بنەرتدا لە پیناو بەشداری و تیکوشانی ژنان دەبیٚ.

ژنانی ئیران لە دو بەرەی رامیاری و کولتوری بو چەسپاندنی مافەکانی خویان هەستاون. دەبیٚ هیزە سیاسیە دیموکاتەکان و روشنبیرانی نێو کومەلگا لەم دو بەرەیە یارمەتی دەری ژنابن. لە وەها حالەتیکدایە کە ئاوا خەباتیك لە نەزەری سیاسیەوە ئیمە بە نیزامیکی دیموکراتیك ومافی مرۆڤ نزیك دەکاتەوە لە باری کەلتووریەوە کومەلگای ئیمە ئینسانی تر دەکاتەوە.

## "حورمەتی ئیمە راگرە، چون کە ئیمە داهینەرو دایکی تۆین"

ژن هاتوەتە گورەپانی پەیکاری سیاسی ئیران ەوە و مافی خۆی دەویت، واتە مافی مروڤی دەویت. مافی مروڤ بە مافە لاچوەکانی کومەلگاوە پیناسە دەکریو ژنانیش لە کومەلگەی ئیمەدا گەورەترین توێژکن کە لە باری کومەلایەتیەوە دابراون، ئەوان نە تەنیا

له گورەپانی سیاسەت دابراون بەڵکوو له مەیدانی کار و قەزاوەت و وەرزش و ئابووری و کومەلگا وله شەقامیش دابراون.

ئەوان بو به دەست هینانەوەی یەکەیەکەی مافەکانی خویان له تەواوی بوارەکاندا، له مافی سەرپەرشتی مندالەکانیانەوە بگرە هەتا مافی چاولێکردنی پیشبرکی فوتبال، دەبێ خەبات بکەن و تاوانەکەشی بدەن، ژنان تاوانگەلیکی گەورەیان به دریژای دەسەلاتی کوماری ئیسلامی داوە، بەلام دەسکەوتەکانیان زور نەبوە. ئەمروکه ئەوان پیداگرتر له جاران هاتونەته نێو گورەپانەکەوە و زورتر له جاران به ماف و توانییەکانیان ئاگاەترن و زانیاریان به دەست هیناوە.

نیزامی دژ به ژن و پیاوسالاری کوماری ئیسلامی له سەر دو پایه راوەستاوە، جنسیەت و بیروبوچون. لەم نیزامەدا پیاوی مەلای شیعه له سەرەوەیەو مافی کوشتنیشی هەیه، لەوانه مافی کوشتنی کەسەکان، کەسەکانیش بریتین له ژنان ،غەیرە مەلاکان، غەیرە شیعەکان، غەیرە موسوڵمانەکان و بی دینەکان و بەهایەکان، ئه مانەش هەر کامەیان بەسراونەتەوە به دوری و نیزیکی سەرەوەی هیرەمەکەوە، که مافیکی کەمتریان پی دەدریٚ یان تەنانەت لەوانەیه له حەقی ژیانیش بی بەش بکرین.

لەم پیکهاته هێرەمیەدا ژنان که له هەر پلەو پایەیکدا بن له پیاوەکەی خۆیان لەو رەدەیه به کەمتر دادەنرین، به واتای ئەوە که تۆ ئەگەر ژن بی و دینیشت نەبیٚ ئەوا دەکەویته بەر

هەلاواردنەوە،  بو نمونە ژنێکی زەرتوشتی لە تەسادوفی ماشینیك گیانی خۆی لەدەست بدات  دادگا لە بەرانبەر سکالاّی بنەمالەی کوژراودا، شۆفیرەکە بە دانی  25لە سەدی دییّەی پیاویکی موسولّمان مەحکومەم دەکات.

بەو پاساوە کە دیەی ژن نێوەی دیەی پیاوە و دیەی کەسیك کە موسولّمان نەبیت نیوەی دیەی کەسیکە کە موسوسلّمانە و دینی هەیە. ئەم هەلسوکەوتە دژ بە ژنان، لە سەرەتای شکل گرتنی کوماری ئیسلامیەوە بە دروشمی "یا روسەری یا تو سەری " لە راستیدا هەم روسەری و هم توسەری دەستی پی کردوە،  واتە لە یاسای بنەرەتی کوماری ئیسلامی و یاساکانی تریش گونجاوە کە  لەم نوسراوەیەدا ناکریّ بە تەواوەتی لەم بارەیەوە قسەی لە سەر بکریّ.

بەلاّم ئەوەندە دەتوانین بلین کە ئەم یاسایانە لە نێو کومەلگادا بە شێوەی توندی پیاوسالارانە گەورەترین ستەمی کومەلایەتیە. ئەو ئامارانە کە باس لە نەداری و روژ رەشی ژنانی سەرپەرەشتی بنەمالّە دەکات، هەلاتنی کچان لە مال، خەمۆکی و دەرون پەشێوی، لەشفرۆشی "بە شێوەی سیغە یا غەیری ئەو" سوتاندنی کچان، کوشتنی کچان، خۆسوتاندن و خۆکوژی و ........هتد تەنیا چەن بەشیکی چکولە لە ئاکامەکانی ئاشکرای ئەم سیاسەتە دەخاتە بەرچاو.

ئاسەوارە شاراوەکانی ئەم سیاسەتە "وەکوو ژنان و کچانیك کە دەست دریژی و ئازاری جنسی دەدرین و بە هوّی کلتوری زالّ، ئیدئولوّژی زالّ، بە سەر کومەلگادا سەرپوّشی لە سەر دادەنین".بە دلّنیایەوە زور بەر بلاوترە. و لە هیچ ئاماریکدا رەنگدانەوەی نیە.هەلبەت ژنان تەنیا لە گەل نیزامیکی دژ بە ژن دەستەو یەخە نین، دوژمنەکەی تریشیان کولتوری پیاو سالاریە. لەم کلتورەدا، سیاسەت چەمکێکی بەتەواوەتی پیاوانەیە و نمونەکانی لە زمانیشدا رەنگی داوەتەوە، نە تەنیا پیاوان بە یاسا بنەرەتیەکانی کوماری ئیسلامی ریگەیان پەیدا کردوە بەلّکوو دلێری و پاکی و سەداقەت پیاوو پیاوانەیەو بە دوژمنی بیّ مروەت نامرد دەلین و ترسیش بە ژنانە نێوی لیّ دەبەن. سیاست مەدارانی دەسەلات و گەورەکانی ریش سپی عەشیرە تەنانت خەلك لە پیاو وەرگیراوەو بەشەرو بەشەریەتیش لە ئادەمەوە .

ئەم کلتورە بە پیاوەوە پیناسە کراوە و بە ناوەندی جیهانی دەناسێنیّ. لەم کلتورەدایە کە پیاو بە خوی ئیجازە دەدا بو ژن و بە بی بەشداری ئەو یاسای بوّ بنوسیّ و نوسخەی ئەخلاقی بوّ بپیچیتەوە و ئەگەریش ژن لەم یاسایە سەرپیچی بکات بە توندی سزا دەدریت. تەنیا لەم کلتورەدایە کە دژی ئینسانی ترین و سوکایەتی ترین یاساکان بوّ ژن دادەنری و توندوتیژترین کەندو کوسپەکان لە سەر ریگایان دادەنین.

**له روانگەی سیاسیەوە ژنان لە یەکەمین گروپە کومەلایەتیکان بوون کە لە دژی نیزامیک راوەستان کە دەیهەویست مافەکانیان بخاتە ژیر پیّەوە ریپیوانی گەورەی روژی جیهانی ژن کە بو مانگیك نەدەبو رژیمی کوماری ئیسلامی هاتبوە سەر کار بە توندی سەرکوت کرا ،لەو کاتەدا ژنان پشتیوانانیکی زوریان لە نیو گروپە سیاسیەکاندا نەبو هەر ئەمەش بوە هوی ئەوە کە دورونەخشیکی بەر چاوی هەبیّ لە بنیاتنانی نیزامیکی ئاوا سەرکوتگەردا.**

**ئیستاکەو دوای 26 ساڵ بۆ یەکەم جار ژنان توانیان لە دەوری یەك کۆبنەوەو داوای مافەکانی خویان بکەن هەڵبەت ئەم کوبونەوانەش لەگەل دژایەتی و ئازارو ئەزیەتی مەئمورەکان بەرەوو بونەتەوە، بەلاّم لە داهاتویکی نزیکدا بارودوخەکە هەلدەگەریتەوە. ئەگەر ریپیوانەکەی 18ی رەشەمەی سالی 57 و سەرکوتی ئەو هەوالی داهاتوییکی شومی دەدا ئەمرو ریپیوانی ژنان هیوا بەخشی داهاتوییکی باشترە، ئەویان سەرەتای سەرکوت و خەفەقان بو، بەلام ئەم نزیکبونەوە لە سەربەستیە. لەو روژەدا ژن سەرکوت کرا دواتر ئەو سەرکوتە لە تانووپۆی یاسای بنەرەتی کوماری ئیسلامی جیگەی خوی کردەوە .**

**ئەمروکە ژنان بە زانیاری و هوشیاری تەواوەوە دەیانهەویّ کە ئال و گوریّك لە یاسای بنەرەتی پیك بینن، تا رادەییك کە بتوانن هەلاواردن و بی عەدالەتیهاییّك کە پیان کراوە لە چوارچیوەی ئەم یاسایە بسرنەوە لەم روەوەیە بە پیویستی دەزانن کە ئال و گوریك لە یاسای بنەرەتی نیزامی دەسەلاتداری کوماری ئیسلامی پیك بهینن تاکویاساییك کە**

لەگەل ئەرزشە دیموکراتیکەکان و مافی مروڤ دیتەوە دابمەزریت. بە وتەی نوشینی ئەحمەدی خوراسانی ،داخوازی ریفراندوم بو پیك هینانی مەجلسی دامەزرینەران بو دانانی یاساییکی بنەرەتی نویٚ کە لەگەل راگەیاندنی جیهانی مافی مروڤ بیتەوە لە بنەرەتدا داخوازیٚکی ژنانەیە.

هیچ تویژیٚکی دیکەی نیٚو کومەلگای ئیران بە قەد ژنان توشی زیان نەهاتون و هیچ کام لە چینەکانی تر زیاتر لە ژنان لەو ئال و گۆرەی کە دەیەوی پیك بیٚ( بەو جورەی کە لە فەراخانی رفراندومدا هاتوە ) قازانج ناکەن. دەبیٚ بلیٚن کە ئەگەر سەرکەوتنی شورشیکی سوسیالیستی لە گرەوی بەشداری هەلسوراوانی کریکاریدایەو رەسالەتەکەی دراوە بە کولٚیاندا سەرکەوتنی ئال و گوریٚکی دموکراتیك و مافی مرڤیش لە بنەرەتدا لە پیناوی هەلسوراوانی ژنان و لەوانەیە ریبٚەرەکانیانە. ریٚپیٚوانی چەند روژ لەمەو بەر یەکەم ریپیوانی ژنان لە 26سالی رابردودا نەبوە. ئەم ریپیوانە ریپیوانیکی سەرکەوتوە کە بو پیکهینانی ئال و گۆر لە ساختاری رژیمی ئیسلامی رەچاوٚ دەکریٚ. لەم سالانەی دوایدا تویژهاییکی تر لەوانە خویٚندکاران لە دژی دەسەلات خوپیشاندانیان وەری خستوە و بە تەئکید لە دژی سەرانی کوماری ئیسلامی دروشمیان داوە، بەلام داخوازی و ئامانجی سەرەکی خوپیشاندەران ئال و گور پیکهینان لە پیکهاتەی دەسەلات واتە یاسای بنەرەتی نەبوە، بەلام لە خوپیشاندانەکەی روژی یەکشەمەی رابردو ئەم ئامانجە بە ئاشکراو بە روونی دەر

**کەوتبو، ژنانی ئێران ئێستاکە لە دو بەرەی سیاسی و فەرهەنگیدا بو بە دەست هینانی مافەکانی خویان وە خۆ کەوتون. لە بەرەی سیاسیدا پیکهینانی ئال و گۆڕ لە یاسای بنەرەتیدا لە نێو داخوازیەکانیاندا جێ کراوەتەوە، لە بەرەی فەرهەنگیشدا ئەوەیە کە سیمینی بهبهانی رو بە پیاوان دەنگ هەلدەبری و هونراوەکەی خۆی لە نێو جەماوەردا دەخوینیتەوە. دەبێ هیزە سیاسیەکانی دیموکرات و روشنبیری نێو کومەلگا لەم دو بەرەیەدا یارمەتیدەری ژنان بن. ئەم یارمەتیە تەنیا یارمەتی بەوان نی، بەڵکوو بەم یەك گرتنەیە کە ئامانجە دیموکراتیکەکانی ئەم هیزانەیش دیتە دێ و کلتوری پیاو سالاری نیو کومەلگاش لە بەهاکانی دژی ژن کە بە دریژای میژو تیاندا کوبونەتەوە دەسریتەوە.**

**واتە دەسکەوتی وەها خەباتیك لە باری سیاسیەوە ئیمە بە نیزامیکی دیموکراتیوبەریزدانان لەمافی ئینسانەکان نزیك دەکاتەوە و لە باری فەرهەنگیشەوە کومەلگاکەمانئینسانیتر دەکاتەوە بەواتایکی تر بە سەرکەوتنی بزوتنەوەی ژنان لەم دو بەرەیەدا پیاویئیرانیشلەژیر رکیفی ئیستیبدادی سیاسی و بیرو بوچونی دواکەوتوانە رزگاری دەبی. بهبهانی لەهونراوەکەی خویدا دەلی " حورمەتی ئیمە راگرە چون کە ئیمە داهینەرەو دایکی تۆین" دەتوانین هیوادار بین کە بزوتنەوەی ژنانیش داهینەرو دایکی دیموکراسی بیت.**